# باڵێزخانەی ئەمریکا کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی لە بەغداد لەسبێنەوە ڕەتدەکاتەوە

باڵێزخانەی ئەمریکا لە عێراق ئەمڕۆ هێنی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن هێزەکانی ئەمریکا لە سبێنەوە بەتەواوی بەغدا چۆڵ بکەن و دەڵێت، ئەو دەنگۆیانە "نادروستن".

وتەبێژی باڵێزخانەی ئەمریکا لە عێراق لە بیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە، "ئەو ڕاپۆرتانەی دەڵێن کە هێزەکانی ئەمریکا لە سبێنەوە بەغدا بە تەواوی چۆڵ دەکەن، نادروستن، بەڵکوی بەپێی ئەو خشتەیە دەبێت کە پێشتر لەگەڵ لایەنی عێراقی لەسەری ڕێکەوتوین".
ئاماژەی بۆشکردوە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هەنگاوێکی سروشتییە و پێشتر لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ڕێکەوتنی لەبارەوە کراوە، لە دوای کشانەوەکەش ئەرکی سەربازی هاوپەیمانی نۆدەوەتی لەگەڵ عێراق بڕو پێیوندییەکی ئەمنی دولایەنە دەبات.